**ئاڤان جەمال**

# زۆربەی هونەرمەندەکانمان مۆزیکزان نین



**پ/ هۆکاری نەبوونی بەرهەمی نوێت بۆچی دەگەڕێتەوە**

و/سەرقاڵی کاری سیدەیەکم لەشاری دهۆک ئێستا کاری موزیک و ئامادەکردن ی ئاواز دانانی بۆ ئەنجام ئەدرێت، هەروەها چەند بەرهەمێکم لێرە تۆمارکردووە کە ئاوازی بەڕێز کاک دیاری قەرەداغی یەو هۆنراوەی بەڕێز حەمە عەزیزە. ئاوازێکی فۆلکلۆریشم تەواو بقبب کە بەناوی پەرێشانم ئامادەکردنی موزیک کاک خلیل عبدالله یەو لەلای بەڕێز کاک ئارا ستۆدیۆی لانەی دەنگ تۆمارمان کردووە، دو بەرهەمی کەشم کە بەڕێز مامۆستا صلاح رەئوف ئاوازی بۆ داناوەو هەروەها خاتوو نەوژین محمدیش ئاوازێکی نویَ ی بۆ داناوم بەڵام تۆمارکردنیم بەدڵ نەبوو دووبارە تۆماری ئەکەمەوە پێم وایە ئەیبەمە دهۆک.

**پ/چ گۆرانیەک لە گوێی گوێگر نامرێ و بەزیندویی دەمێنێتەوە**

و/گۆرانی سەرکەوتوو چەند خاڵێک هەیە کە ئەو گۆرانیە بەزیندوێتی ئەهێڵێتەوە بە بۆچونی من هۆنراوەی پڕ واتاو بەشێوازێکی جوان داڕێژرابێت، ئاوازێکی شیاو کە لەگەڵ خودی هۆنراوەکەدا گونجاو بێت بەشێوازێکی مۆدێرن کاری مۆزیکی بۆ بکرێت هەروەها لە تۆمارگایەکی باش و بە آجهزەی باش و گونجاو کاری تیا بکرێت هەروەها دەنگێکی جوان بەشێوازێکی مۆدێرن بوترێت، واتە لەگەڵ هەست و نەستی خەڵکی ئەمرۆدا بگونجێت تابتوانن وەری بگرن و لایان بمێنێتەوە.

**پ/ مەرجە هونەرمەند موسیقی بێت**

و/زۆربەی هونەرمەندەکانمان مۆسیقی نین بەڵام من پێم باشە موسیقی بن و باشتریشە چونکە بەڕاستی ئەوکات ئەتوانن بەدڵسۆزی کار بۆ بەرهەمەکانی خۆی بکات و بەدڵسۆزیەوە کارەکانی ئەنجام بدات چونکە مرۆڤ کە کارامەبوو بەشێوازێکی دراسی و ئەکادیمی ئەوکارەی ئەکات ئەنجامی بدات، ئەوا زیاتر سەرکەوتوو ئەبێت ڕاستە ئێمە ئەو دەرفەتەمان نەبو چونکە بەڕاستی لەکاتی خۆیدا بوارمان بۆ نەڕەخسا. بەڵام بەئومێدم جیلەکانی دوای ئێمە خۆیان بەموسیقی بکەن دواتر بێنە بوارەکە.

**پ/کاری بەرهەمێک لەئەستۆی هونەرمەند لەڕوی ماددی تاچەند دەبێتە ڕێگر لەبەئەنجام گەیاندنی**

و/هەتا رادەیەکی زۆر چونکە ئێستا کارەکان زۆر ئاڵۆزتر بووە لەجاران بەڕاستی بەرهەمێک تەکلیف زۆر ئەکێشیَ بۆ نمونە بەرهەمێکی تۆمار کراو گەر خۆمان تۆماری بکەین گەر تۆزێ شیاو بێت نزیکەی ١٥ وەرەقەی تیَ ئەچێت بەلایەنی کەمەوە.

**پ/ئاوازو تێکستی گۆرانی گەر هی هونەرمەند خۆی بێت مانایەکی تر نابەخشێت**

و/هۆنراوەو ئاواز دانان هەروا ئاسان نیە گەر بەجوانی، بەشێوازێکی کارامە کاری بۆ بکرێت ئەوا چ گۆرانی بێژ بێت یاخود ئاواز دانەرێکی دی بێت خۆی ئەسەلمێنیَ، زۆرینەی کات ئاوازو هۆنراوەکە هی گۆرانی بێژەکە نیە زۆر لەئاوازەکەی جوانتر ئەیلێت، ماناشی گەر جوان بێت فەرقی نییە بە بۆچونی من.

**ئا/ رۆژگار محسین**

## دزانی پاریس!



لەم رۆژانەدا رۆژنامەکانی پاریس هەواڵی زۆربوونی دیاردەی دزی کردنیان بڵاوکردەوە، ئەم وێنەیە نموونەیەکە لە سەدان نموونەی دیکە.

سەیرکەن! خاوەنی پایسکل بۆ دڵنیابوون لە دوو جێگەوە پایسکلەکەی بەستۆتەوە، بەڵام دزەکان زۆرزان و شارەزاترن، تەنیا رینگ و تایەکانیان بۆ هێشتۆتەوە، ئێوە چی دەڵێن!!

## دێڤید و لەیلا



دێڤید و لەیلا فیلمێکی کۆمیدیە، بە رۆمیۆ و ژولێتی سەردەم ناودێرکراوە،لەلایەن دەرهێنەری کورد جەلال جوانرۆیی بەرهەم هاتووە، فیلمەکە چیرۆکی خۆشەویستی نێوان کچە کوردێکی پەناخوازی جێگیر لە شاری نیۆیۆرکی وڵاتی ئەمریکا لەگەڵ کوڕە جوولەکەیەک دەگێڕێتەوە. فیلمەکە لە فێستڤالی نێونەتەوەیی فیلمی ستۆکهۆڵم پێشاندرا و پێشوازی زۆری لێکرا. رۆژی دووشەممە ٢٠-١١-٢٠٠٦ بۆ یەکەمین جار لە فێستیڤاڵەکە پێشاندرا، هەروەها رۆژی پێنج شەممە ٢٣-١١-٢٠٠٦ بە ئامادەبوونی ژمارەیەکی زۆر لە بینەران دووبارە پێشاندرایەوە .

جەلال جوانرۆیی سەبارەت بە فیلمەکە دەڵێ: ناوەرۆکی فیلمەکە لە خۆشەویستی نێوان کچە کوردێکی هەڵەبجەیی و کوڕە جوولەکەیەک سەرچاوەی گرتووە، ئەو دووانە ماوەی چەند ساڵێکە زەماوەندیان کردووە، بەڵام خۆم بەشێوازێکی جیاواز دامرشتۆتەوەو بە بیرۆکەی دیکە دەوڵەمەندم کردووە.

ئەمە یەکەمین جارە کە دەرهێنەرێکی کورد بوێری ئەوە لە خۆی پێشان بدات کە دیمەنی سێکسی لە فیلمەکەی خۆیدا جێگە بکاتەوە، ئەمەش راو بۆچوونی جیاوازی لە نێوان رۆشنبیراندا دروست کردووە، هەندێکیان رەتی دەکەنەوەو هەندێکی دیکەش بە ئاسایی وەری دەگرن.

## خالۆ ئەواکس دەڵێ



**لە وڵاتانی شانشیندا،** کوڕی شاکان بە شازادە دەناسرێن و یەکێکیان شوێنی باوکیان دەگرنەوە، بەڵام لە کوردستاندا بە بڕیاری حکومەت کوڕی ئەفسەرە پلەدارەکان ئەگەر بڕوانامەشیان نەبێ ئەستێرەیان پێدەدریَ و دەکرێنەوە بە ئەفسەر!!

**لەسەردەمی** رژێمی بەعسدا گوندەکانی کوردستان خاپور دەکران و ڕێگەی گەڕانەوە بۆ سەر زێدی باوک و باپیران لە دێهاتیەکان دەگیرا، بەڵام لەم سەردەمە کە سەردەمی ئازادی و دیموکراسیە بە بیانۆی پاراستنی ئاسایشی بەرپرسانەوە هێڵی سوور بە دەوری هەندێ گوندی دیاریکراو کێشراوە، ئەوەی پاڵپشتی حزبی نەبێ ڕێگەی پێنادریَ بگەڕێتەوە سەر زێدی باپیرانی !!

**هەندێ** رۆژنامە کە لە کوردستانەوە دەردەچن، هەواڵی دەستی هەشتەم لە ئینتەرنێتەوە وەردەگرن، بەڵام بۆ چەواشەکردنی خەڵک دەنووسن : تایبەت بە خۆمان( واتە هەواڵی دەستی یەکەم). ئاخۆ کەی ئەو رۆژنامەنووسانە یاسای رۆژنامەوانی فێردەبن و مافی سەرچاوەکەی هەواڵ قوت نادەن !!


**شازدە** ساڵ لەمەوبەر کە ئاڵای کوردستانمان بەرز دەکردەوە، هەندێ سەرکردە گاڵتەیان پێدەکردین، بە نەزان و هەرزەکاریان دادەنایین، دواتر خۆیان وەک ئەندازیاری بەرزکردنەوەی ئاڵا ناساند.چواردە ساڵ لەمەوبەریش کاتێ کوردستانی سەربەخۆمان کردە ئامانج، بە دێوانە و شێتیان ناوزەد کردین، ئێستا خەریکە ئەوانەی سەنگەریان لێدەگرتین، لێمان دەبنە حەکیم و دەرمانی سەربەخۆیی بە ئێمە دەفرۆشنەوە!!

## لە پێگەی هێزی ئاسمانی گۆرانی دەچڕیَ



شاکیرا، سترانبێژی ٢٩ ساڵەی کۆڵۆمبیایی شوێنێکی گونجاوی بۆ بەڕێوەبردنی کۆنسێرتەکەی لە شاری کاراکاسی وڵاتی فەنزویلا بۆ پەیدا نەکرا، بەو هۆیەوە نیگەران و دڵسارد ببوو، بەڵام هۆگۆ چاڤێزی سەرکۆماری ئەو وڵاتە بە هانایەوە هات و داوای لە هێزی ئاسمانی وڵاتەکەی کرد کە شوێنێکی شیاو بۆ شاکیرا تەرخان بکریَ تا کۆنسێرتەکەی تێدا بەڕێوەببات . لەسەر داوای سەرکۆمار پێگەیەکی هێزی ئاسمانی لە شاری کاراکاس تەرخان کراو بەمەبەستی سەرنجراکێشانی شاکیرا شوێنەکە بە شێوەیەکی جوان رازاندرایەوە.

**جەبار سابیر**




## حکومەت و بەرپرسەکانی بەشیان دەوێت

لەدوای هاتنی ئەمریکا بۆ عێراق و رژانی پارەی زیاتر بەسەر حکومەتی کوردی لەناوچەکانی دەوروبەری سلێمانی دوو پرۆژەی گەورە کەوتنەکار ئەوانیش دووسایدکردنی هەردوو شەقامی سلێمانی دوکان و عەربەت سلێمانی، ئەوەی دوکان کۆمپانیایەکی چینی و ئەوی عەربەت کۆمپانیایەکی تورکی خەریکیبوون، جیا لەکاولکردنی روبەرێکی زۆری ئەرزو ئاوو زەوی کشتوکاڵی خەڵکی هەژار تائێستا هیچ لەو دوو پرۆژەیە سەوز نەبووە. ماوەیەک لەمەوبەر لەپێنجوێنەوە بەرەو سلێمانی دەهاتمەوە گەیشتینە نزیک عەربەت برادەرێکی ناوماشێنەکە وتی کاکی شۆفێر بەڕاست دووسایدکردنی ئەم شەقامە چی بەسەر هات.؟ کاکی شۆفیر وتی ئەزانن چی لێهات.؟ وتم بەڵێ من دەزانم حەتمەن بەرپرسێکی رۆژانی سەختی کوردایەتی داوای بەشی لەکۆمپانیاکە کردووە. کاکی شۆفێر وتی بەڵێ فلانە مەسئول وتویێتی گەر پێنج ملیۆن دۆلارم نەدەنیَ ناهێڵم بیکەن، تۆ سەیرکە کابرا خۆی بیرچۆتەوەو وایزانیوە بەرپرسی شەو ئاهەنگەکانی کەنداوە نەک بەرپرس، وایزانیوە داوای شەوێکی سوور لەگەڵ (نانسی عەجرەم)ی لێدەکەن نەک دووسایدکردنی ئەو شەقامە.! ئیتر کۆمپانیای تورکی وتبووی جا خۆمان چەندمان دەستەکەوێت پێنج ملیۆنی بدەینە جەنابت، بارگەو بنەیان کۆکردەوەو چوونەوە تورکیاو بڕیاریاندا ئێتر لەنەورۆزیشدا جلی کوردی لەبەر نەکەن.

چەند ساڵێک لەمەوبەریش یەکێ لەشارەوانییەکانی کوردستان بانگی چەند بۆیاخچییەکیان کردبوو دیوارەکانی ناوشاریان بۆ بۆیاخکات، کەسێک هەڵکوت هەڵکوت چووبووە شارەوانی و وتبوی باشترین بۆیاختان بۆدەکەم بەگرنتی پێنج ساڵەوە، کابرای شارەوانی وتبوی ئەو قسە قۆڕانە بۆخۆتبکە کەچویتە ژوورەوە بڵێ بۆیاخێکتان لۆدەکەم گرنتی یەک هەفتەی نییە، من بۆتۆمە ئێمە گرنتی پێنج ساڵمان ناوێت، دەمانەوێ هەموو مانگێک جارێک بۆیاخی کەین و شتێکمان دەست کەوێت. ئەوەشت بیر نەچێت گەر بۆتۆ دەرچو دەبێت بەشی منیشی تێدابێت. ساڵی (١٩٩٦) لەدوکانێکی مۆبیلیات لەشەقامی کاوە دانیشتبووم، پیاوێکی زل خۆیکرد بەدوکانداو دیاربوو خاوەن دوکانەکەو چەند پیاوێکی تریشی لێبوو دەیانناسی بەخێرهاتنیان کردوو، سەودای تاقمێک قەنەفەی کرد، دوای بێنەو بەردە بەشەش سەد دۆلار رێککەوتن، لەکاتی پڕکردنەوەی وەسڵەکەدا بەخاوەن دوکانەکەی وت هەشت سەد دۆلار بنوسە.! یەکێ لەدانیشتووەکان دیاربوو باش دەیناسی وتی کاکە تۆزێک ویژدانت هەبێت ئەم خەڵکە چاوی لەدەستی ئێوەیە.! کابراش بەدەنگێکی دڵێر هاتە وەڵام و وتی کاکە من خوێنم داوەو ئێستاش دەبێ بەرهەمی ئەو خوێنەم بچنمەوە.

ساڵی پاریش یەکێ لەوەزارەتەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لیژنەی مشتەریاتی ناردە بازاڕ تا ئامێری فۆتۆکۆپی و شتی لەو بابەتەی بۆ بکڕن، لیژنەکەش نەیکردبووە نامەردی و لەهەر ئامێرێک هەشتا دۆلاری خستبوە گیرفانە قولەکەیەوە، فەرمانگەیەکی بچوکیش کەسێکی ناردبوو پەرچەمی کوردستانی بۆ بکڕێت تا لەسەربانی بیناکە هەڵیواسێت کاکی کڕیاریش چوار هەزاری پێدابوو شەشی نوسیبوو... کوردستان یان گیرفان.

jabardllopa@yahoo.com


ROJI GEL

Weekly Newspaper Issued By: Rizgary Party Of Kurdistan-RPK

Mob:07701398499 07301191497

ناونیشان: سلێمانی- یانەی قەڵەم سابونکەران، بینای هەورامان نهۆمی سێیەم. ٠٧٣٠١١١٣٠٦١

پێگەی ئینتەرنێتی
www.rpk93.org

پۆستی ئەلیکترۆنی
info@rpk93.org
rpk93@hotmail.com